گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ماف و گرێنتیەکانی فەرمانبەران لە یاساکانی ڕاژەی شارستانی عێراقیدا لە ماوەی نێوان (1960-2019)

م.ی فتحی زێرو زێرو
م.سیروان لطیف حاجی
زەنگین مەسیحۆ ئاودل
زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر

زانیاری توێژینەوەکە

وەرگرتن : ٢٠١٩/١١/٢٥
پەسەند کردن : ٢٠١٩/١٢/١٢
بڵاوکردنەوە: پایزی ٢٠١٩
Doi : 10.25212/lfu.qzj.4.4.7

وشە سەرەکییەکان:
rights
Civil servants
civil service
Function
Administration

## پوختە

**پووختەی توێژینەوە:**

بابەتی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە ماف و گرێنتیەکانی فەرمانبەران لە یاساکانی ڕاژەی شارستانی عێراقیدا لەبەر ئەوەی فەرمانبەران کۆڵەکەی سیستەمی کارگێری و چالاکیەکانی کارگێرین و سەرکەوتن و شکستی سیستەمی کارگێری پشت بە لێهاتوویی فەرمانبەران و یاسا کارپێکراوەکانی دەبەستێت و لێهاتوویی فەرمانبەرانیش لە ڕاپەراندنی ئیشوکارەکانی کارگێری دەوەستێتە سەرگرێنتی کردنی مافە مادی و مەعنەویەکانیان لە یاسا کارپێکراوەکاندا سەرەرای پشتگیری یاسایی لە کاتی هەرەشە و ئیهانە کردنیاندا چ لە کاتی دەوام لە کاتی ئەنجام دانی وەزیفە بێت یان لە دوای کاتەکانی دەوام بە هۆی وەزیفەوە بێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-پێشەکی

سیستەمی کارگێری هەر وولاتیك پشت بە فەرمانبەرانی دەبەستێت وفەرمانبەرانیش بە بڕبڕەی پشتی سیستەمی بەڕێوەبردنی وولات لە قەلەم دەدرێن و پێشکەوتنی وولاتیش پشت بە کارامەیی و توانای فەرمانبەران و پێشکەوتوویی سیستەمی کارگێری و یاساکانی دەبەستێت کەواتە ئەگەر سیستەمی کارگێری وولات و یاساکانی پێشکەوتوو بوون و فەرمانبەرەکانی کارامە و بە توانا بوون و یاساکانی بە جۆریك بوون ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەران تێیدا بە رێك و پێکی و هاوسەنگی دیاری کرا بوون و لە بواری پراکتیکیش بە جوانی جێبەجێ کران و ژیانی فەرمانبەران لە هەموو روویەکەوە گرێنتی کرا بە دلنیاییەوە وولاتیش پێش دەکەوێت و رێگە لە رۆتینیات و کەمتەرخەمی و گەندەلی دەگرێت و راستەوخۆ کار دەکاتە سەر ژیان و گوزەرانی هاوولاتیان، چونکە ئەگەر فەرمانبەران مافەکانیان گرێنتی کرا و یاسا و دەزگا پەیوەندیدارەکان پشتگیری تەواویان لە فەرمانبەرانیان کرد لە هەر هەرەشە و دەستدرێژیەك چ لە کاتی وەزیفەدا و چ لە دوایی کاتەکانی دەوام کە بە هۆی وەزیفەوە رووبەرووی دەبنەوە ئەوا فەرمانەرانیش بە هەموو هێز و توانایانەوە وەزیفەکەیان ئەنجام دەدەن.

جا بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەمان بە دی بێنین دەبێ یەکەم جارخوێندنەوەیەکی تەواوی یاساکانی پەیوەندیدار بە ڕاژەی شارستانی کەوا تایبەتن بە وەزیفە و فەرمانبەران بکەین و کەم و کورتیەکانیان دیاری بکەین دواتر ئیش لە سەر جێبەجی کردنیان بکەین لە رووی پراکتیکیەوە چونکە زۆر جار یاساکان زۆر رێك و پێکن بەلام کە دەچنە بواری جێبەجێ کردن بە دروستی پراکتیزە ناکرێن لێرەدا یاسا ئامانجی خۆی ناپێکێ دیسان کاریگەری لە سەر کۆی سیستەمی کارگێری دەبێت.

بۆیە ئەم تویژینەوەیەمان ئەنجام دا تاکوو بەووردی بزانین ماف و گرینتیەکانی فەرمانبەران لە یاساکانی ڕاژەی شارستانی لە چ ئاستێکدایە وکەم و کورتیەکان دیاری بکەین و بخەینە بەردەم لایەنەکانی پەیوەندیدار بۆ چارەسەر کردن.

### یەکەم: گرنگی تویژینەوە

گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کەوا فەرمانبەران چینێکی گرنگی هەر کۆمەلگایەکن بە تایبەت کۆمەلگای عێراقی و کوردستانی چونکە زۆربەی تاکەکانی پشت بە وەزیفەی گشتی دەبەستن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان و سیستەمی کارگێری هەر وولاتێکیش پشت بە فەرمانبەرانی دەبەستێت، ئەگەر فەرمانبەران کارامە و بە توانا بوون و یاساکانی ڕاژەی وولات پێشکەوتوو بوون بە شێوەیەك لە گەل داخوازی و پێداویستیەکانی سەردەم بگونجێن ئەوا سیستەمی کارگێری سەرکەوتوو دەبێت و کاریگەری لە سەر بژێوی ژیانی هاولاتیانیش دەبێت، بۆیە پێویستە بزانین یاساکانی ڕاژە چ مافێکیان بۆ فەرمانبەران دیاری کردووە وچ گرێنتیەکانی بۆ دەەستەبەر کردووە.

### دووەم : ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە ئەوەیە کەوا قووتابیانی بەشی کارگێری کار و کارگێری یاسا لە پەیمانگە تەکنیکیەکان و کۆلیژەکان کەوا یەکێك لە وانەکانیان یاساکانی ڕاژەی شارستانیە و هەروەها فەرمانبەران و بەرپرسە کارگێریەکان ئاشنا بکرێن بە ماف و گرینیتەکانی فەرمانبەران و ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوودیش بۆ ئەو ماموستایانەی ئەم وانەیە دەلێنەوە.

### سێیەم:کێشەی توێژینەوە (گریمانەی توێژینەوە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە)

کێشەی توێژینەوە خۆی لە خستنە رووی چەند پرسیارێك دەبینێتەوە کەوا پێویستە وەلام بدرێنەوە بەم شێوەی خوارەوە:

1-ئەو ماف و گرێنتیانە چین کە لە یاساکانی ڕاژەی شارستانی عێراقیدا لە ماوەی نێوان ساڵانی(1960-2019) بۆ فەرمانبەران دیاری کراون ؟

2-ئایا هەموو ئەو ماف و گرێنتیانەی پێویستە فەرمانبەران هەیانبێت لە یاساکاندا ئاماژەیان پێکراوە؟

3-ئایا ئەو ماف و گرێنتیانەی لە یاساکاندا هاتوون وەلامدەری داخوازی وپێداویستیە هەنووکەییەکانی فەرمانبەرانن و لە گەل باروودۆخی ئێستا دەگونجێن؟

**چوارەم:ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە:**

توێژینەوە لە سەر بابەتێکی دەگمەنی لەم جۆرە ئاسان نیە و توێژەر دەخاتە بەردەم چەندین ئاستەنگ کەوا گرنگترینیان ئەوەیە کە تەنها یەك یاسا ئەم بوارە رێك ناخات بەلکوو کۆمەلێك یاسا پێکەوە کاروو باری وەزیفە و فەرمانبەران رێك دەخەن و هەر یەك لەم یاسایانەش چەندین جار هەموار کراون و هەریەکەشیان لە سەردەمێکی تەواو جیاوازدا دەرچوێندراون کەوا لە گەل باری دارایی و ئابووری وکۆمەلایەتی و تەکنۆلۆژی ئیستا ناگونجێن و وەلامدەری مافە هەنووکەییەکانی فەرمانبەران نین. لە گەل ئەوەشدا هەندیك دام و دەزگاش یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە گشتی بابەتەکە تێکەل و پیکەلە وسەر لە  توێژەر و خوێنەرانیش دەشێوێنیت بە تایبەت کە هەندێك بابەت لە زیاتر لە یاسایەکدا هاتوون و زۆر جار پێچەوانەی یەکتریشن سەرەرای ئەوەی سەرچاوەی پێویست لەسەر بابەتەکە زۆر دەگمەنە چونکە یاسایەکی ناوخۆییە و بە زمانی ئینگلیزی هیچ سەرچاوەیەکی نیە و ئەوەی هەیە تەنها دەقە یاساییە عەرەبیەکانن و کتێبخانەی کوردی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتێکی ئەوهادا زۆر هەژارە بۆیە ناچار لێرە و لەوێ زانیاریمان کۆکردۆتەوە چ بەگەران بە نێو هەموو دەقە یاساییەکانی پەیوەندار بە راژەی شارستانی عێراقی بێت و چ لە رێگەی ئەو بابەتانەی لەسەر بابەتەکە نووسراون بە زمانی عەرەبی.

**پێنجەم: مێتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بۆ ماف و گرێنیتیەکانی فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی کەوا لە نێو دەقە یاساییەکانی ڕاژەدا هاتوون بە کار هاتووە.

**شەشەم:پلانی توێژینەوە**

توێژینەوەکەمان بەو شێوەیە دابەش کردووە کە سەرەتا لە باسی یەکەم پێناسە و چەمکەکانی ماف و وەزیفە و فەرمانبەر باس دەکەین دواتر دێینە سەر ئەو یاسایانەی کاروباری وەزیفە و فەرمانبەران و پەیوەندی نێوان ئەم دووە رێك دەخەن.

لە باسی دووەمدا ماف و گرێنتیەکانی فەرمانبەران لە یاساکانی ڕاژەی شارستانی عێراقیدا باس دەکەین و لەباسی سێیەمیشدا دەرئەنجام و پێشنیارەکان دەخەینەروو و لە کۆتاییشدا لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودمان لێوەرگرتووە لە توێژینەوەکەماندا دەست نیشان دەکەین.

## 2-ناوەرۆك

## باسی یەکەم: پێناسە و چەمکی ماف و وەزیفە و فەرمانبەر:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم:ماف**

ماف بەرژەوەندیەکە کە بەهای مالی هەیە و یاسا پشتیوانی لیدەکات ( السنهوری، الطبعة الاولی: 7)

واتە ماف بریتیە لەو بەرژەوەندیەی کەوا یاسا پشتیوانی لیدەکات بە مانای پێچەوانە هەر بەرژەوەندیەك كە یاسا پشتگیری لێنەکات بە ماف لە قەلەم نادرێت چونکە هەندێك بەرژەوەندی هەنە دژی یاسا و ئایین و داب و نەریتی کۆمەلگان کەوا یاسا رێگەیان پێنادات موممارسە بکرێن.

**دووەم:وەزیفە**

وەزیفەی گشتی ئەمانەتیکی پیرۆزوخزمەتیکی کۆمەلایەتییە و مافی هەموو هاولاتیەکە کە تێیدا بەشدار بێت ئەگەر مەرجەکانی تێدا هەبێت (دستور العراق، 2005: 30)

**سێیەم:فەرمانبەر**

پێناسەی فەرمانبەر لە زیاتر لە یەك یاسادا هاتووە و جیاوازیەکی زۆری تێدا لە پێناسە کردن بەم شیوەیەی خوارەوە:

"فەمانبەر ئەو کەسەیە کەوا وەزیفەیەکی هەمیشەیی پێ سپێردراوە لە ناو میلاکی تایبەت بە فەرمانبەران".( قانون الخدمه المدنیه، 1960: 2)

بەلام لە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەران بە شێوازێکی تر پێناسە کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە: "فەرمانبەر ئەو کەسەیە کەوا وەزیفەیەکی لە ناو وەزارەت یان لایەنیکی نەبەستراو بە وەزارەت پێ سپێردراوە".( قانون الانضباط الموظفین، 1990: 1/ 3)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە پێی یاسای خانەنشینی بەر کار لە هەریم 26-2006 پێناسەی فەرمانبەری کردووە..م 1/اولا-د

**چوارەم: یاساکانی ڕاژە**

ئەگەر سەیری یاساکانی ڕاژەی شارستانی عێراقی بکەین کە کارووباری فەرمانبەران و وەزیفە رێك دەخەن دەبینین کەوا تەنها یەك یاسا نیە بۆ رێك خستنی ئەم بوارە بەلکوو چوار یاسا پێکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-یاسای ڕاژەی شارستانی عێراقی ژمارە(24) سالی 1960 لە کاروباری فەرمانبەران لە کاتی ئەنجام دانی وەزیفە رێك دەخات.

2-ئامانجی یارمەتی دانی دەولەت و کەرتی گشتیە بە پێدانی مووچە و دەرماڵەی گونجاو و دابین کردنی ئاستی ژیانی باشتر بۆیانو لەسەر فەرمانبەرانی دەولەت لە پلە یەك بەرەو خوار جێبە جێ دەکرێت.

3-یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوەلەت و کەرتی گشتی ژمارە( 14) سالی 1991 ،ئەم یاسایە باسی ئەو رێکار ورێسایانە دەکات کەوا پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ لێپێچینەوە لەو فەرمانبەرانەی دەکەونە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسا لە کاتی هەلەی کارگێری لەئەنجامی وەزیفە دا دەکەن.

4- ئەم یاسایە ئەو مافانە رێك دەخات کەوا فەرمانبەران وەری دەگرن ئەو کاتەی ڕاژە یان لە دام و دەزگاکانی دەولەت کۆتایی دێت( التميمي,2012).

ئەدی یاسای موچەی فەرمانبەران 22 ساڵی 2008 پێویستەلێرە باس بکرێت

لە گەل هەندێك دام و دەزگای دیاریكراو كەوا یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-یاسای ڕاژەی زانكۆیی عێراقی ژمارە (142) سالی 1976 كەوا كاروباری ماموستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی لە عێراق رێك دەخات هەروەها لە هەرێمی كوردستانیش یاسای راژەی زانكۆیی هەرێمی كوردستان ژمارە (23) سالی 2008 (ئەم یاسایە عێراقییە و لە كوردستان نافزە) كەوا لە (21) ماددە پیكهاتووە و كاروباری ماموستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستان رێك دەخات. هەروەها یاسای وەزارەتی خویندنی بالا و تویژینەوەی زانستی هەرێمی كوردستان ژمارە(10) سالی 2008 كەوا لە سێ بەش پیكهاتووە و لە بەشی یەكەم پێناسە و حوكمە گشتیەكان هاتوون و لە بەشی دووەم مافەكان و ئەركەكان باس كراون و لە بەشی سییەم پێكهاتە و دەسەلاتەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی خراونەتەروو.

2-یاسای راژەی دادوەری ژمارە (160) سالی 1979، كەوا كاروباری وەزیفە و فەرمانبەرانی دەسەلاتی دادوەری رێك دەخات. (لە كوردستان یاسای 23 سالی 2007 یاسای دەسەلاتی دادوەری هەیە )

3- یاسای ڕاژەی خارجی ژمارە (122) سالی 1976 كەوا كاروباری وهزیفە و فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە رێك دەخات. (دەرگەلەیی، 2019 :5)

یاسا پاراستنی فەرمانبەرانی گرێنتی كردووە لە هەر جۆرە دەست درێژیەك چ لە كاتی دەوام و ئەنجام دانی وەزیفە بێت یان لە پاش كاتەكانی دەوام بە هۆی وەزیفەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر-کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رووبەرووی فەرمانبەر بێتەوە و نەبوونی ئەم پشتگیریە یاساییە کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر ئەنجام دانی وەزیفە دەبێت لە لایەن فەرمانبەران.(فهد،2011 :6)

بەلام پشتگیری یاسایی لە یاساکانی راژەدا ئاماژەی پێنەکراوە بەلکوو لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (111) سالی 1969 و یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی عێراقی ژمار(23) سالی 1971ی هەموار کراودا چەند مادە و برگەیەکی بۆ تەرخان کراوە کە ئەوەش کەم و کورتی یاساکانی ڕاژە دەردەخات کەوا بابەتێکی گرینگی وەك پشتگیری یاسایی پشتگوێ خراوە و لە یاسایەکی تردا هاتووە کە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕاژەی شارستانیەوە نیە (قانون العقوبات العراقی، 1969: 229 و قانون الاصول المحاكمات الجزائية العراقية، 1971 : 3 )

## باسی دووەم: ماف و گرێنتیەکانی فەرمانبەران

### تەوەری یەکەم: مافەکانی فەرمانبەران:

فەرمانبەران مافی ئەوەیان هەیە کەوا لە هەموو ئەو ماف و گرێنتیانەی لە یاساکاندا ئاماژەیان پێکراوە سوود وەربگرن کەوا دابەشی سەر دوو جۆرە ماف کراون، مافە داراییەکان و مافە مەعنەویەکان.

یەکەم:مافە داراییەکان

مافە داراییەکان بریتین لە بڕە پارەیەکی نەختینەی دارایی کە فەرمانبەران بە شیوەی مانگانە لە بەرامبەر ئەنجامدانی وەزیفەکەیان وەری دەگرن و پێك دێن لە مووچەی بنەڕەتی، دەرمالە و سەرمووچە وئیفاد و سەفەر و پاداشت و مووچەی خانەنشینی.(فهد،2011: 3)

1-مووچەی بنەڕەتی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو بڕە پارەیە کەوا فەرمانبەر هەموو مانگێ بە شێوەی هەمیشەیی و بە بەردەوام وەری دەگرێت بەرامبەر بە ئەنجام دانی وەزیفەکەی و هەر لە رۆژی دەست بەکاربوونیەوە دەبێتە خاوەنی ئەم مافە بەدەر لە دەرماڵەکان، بە لە بەر چاو گرتنی بڕوانامە و سالانی خزمەت بۆ دیاری کردنی بڕی مووچەی بنەرەتی کەوا مووچەی بنەرەتی بە پێی بروانامە لە (140) هەزار دیناری عێراقی دستپێدەکات تاکوو (429) هەزار دینار.( قانون رواتب موظفی الدولة ، 2008: 4/یەکەم).

2-دەرماڵەکان:

دەرماله بڕێکی دیاریکراوی پارەیە کەوا دەدرێتە فەرمانبەران بۆ باشتر کردنی بژێوی ژیانیان کە دابەشی سەر دوو جۆر دەکرێن:

1- دەرماله جێگیرەکان کە بریتین لە دەرماڵەی بروانامە و دەرماڵەی هاوسەر و دەرماڵەی مندال.

2-دەرماله ناجێگیرەکان کەوا بریتین لە بەرپرسیاریەتی و پیشە وئەنجام نەدانی پیشە و ئیفاد و سەفەر و کاری زێدەکی و مەترسی و شوێنی جوگرافی و دەرماڵەی تایبەت.

ئەو دەرمالانەش هەندێکیان بە رێژەی سەدی لە سەر بنەمای مووچەی بنەرەتی دیاری دەکرێن و هەندێکێشیان برێکی دیاری کراون . خۆی لە نزیکەی یازدە جۆر دەبینێتەوە بە پێی تایبەتمەندیەکانی فەرمانبەران کەدەتوانن لە یەك کاتدا چەندین جۆری دەرماله وەردەگرێن، بە مەرجێك نابێ بە هیچ شێوەیەك لە 200% مووچەی بنەرەتی تێپەر بکات.( فهد،2011 :4)

جۆرەکانی دەرماله:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-دەرماڵەی بڕوانامە: بە ڕێژەی 100% بۆ هەلگرانی بڕوانامەی دکتۆرا تاکوو 25% بۆ هەلگرانی بڕوانامەی دواناوەندی.(قانون رواتب موظفی الدولة 2008 : 11/یەکەم)

2-دەرماڵەی پۆست: بە ڕێژەی 15% تاکوو 30% لە مووچەی بنەرەتییە. (هەمان سەرچاوە : 10)

3-دەرماڵەی پیشە: بە ڕێژەی 15% لە مووچەی بنەرەتی بۆ بێ بڕوانامەکان.( هەمان سەرچاوە : 11/دووەم )

4-دەرماڵەی مەترسی: بە ڕێژەی 20% تاکوو 30% لە مووچەی بنەرەتی لە سەر بنەمای سروشتی کارەکانیان وەکوو فەرمانبەرانی یاسایی یان ئەوانەی هەلسووکەوت لە گەل مەوادی ژەهراوی و کەلوپەلی مەترسیدار دەکەن. .( هەمان سەرچاوە: 13 )

5-دەرماڵەی ئەنجام نەدانی پیشە: بە ڕێژەی 25% لە مووچەی بنەرەتی بۆ ئەوانەی هەلگری بڕوانامەی زانکۆیین وەکوو ئەندازیاران .( هەمان سەرچاوە : 11/دووەم )

6-دەرماڵەی تایبەت: بە ڕێژەی 50% لە مووچەی بنەرەتی کەوا لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیران سەرەرای دەرماڵەکانی تر دەدرێت بە فەرمانبەران بۆ چارەسەر کردنی هەندێك بارووددۆخی تایبەت.( هەمان سەرچاوە : 15 )

7-دەرماڵەی شوێنی جوگرافی: بڕێکی دیاریکراوە کەوا لە (20000)دینار بۆ ئەوانەی لە نزیکترین شوێندەوام دەکەن دەست پێدەکات و تاکوو (60000) دینار بۆ ئەوانەی لە ناوچەیەکی دوورە دەست نیشتەجێن یان کار دەکەن.واتە ئەم جۆرە دەرماڵەیە لە سەر بنەمای دوور ونزیکی شوێنی دامو دەزگاکان دەدرێت کە فەرمانبەر تێیدا دەوام دەکات نەك شوێنی نێشتەجێ بوونی فەرمانبەر.( هەمان سەرچاوە : 12 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8-دەرماڵەی خێزانداری: دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە کەوا بڕەکەی (50000) دینارە و تەنها دەدرێتە یەکێك لە هاوسەرەکان ئەگەر هەردووکیان فەرمانبەر بوون و یان ئەگەر فەرمانبەرێکی پیاو زیاتر لە ژنێکی هەبوو هەر بۆ یەکێکیان سەرف دەکرێت و لە کاتی کۆچ کردن یان تووش بوونی فەرمانبەر بە نەخۆشیەکی درێژخایەن دەگوازرێتەوە بۆ هاوسەرەکەی تر کەوا فەرمانبەرە بە مەرجێك مووچەی خانەنشینی وەرنەگرێت.( سەرچاوەی پێشووتر : 14/یەکەم/أ ).

9-دەرماڵەی منداڵ: بڕی (10000) دیناری عێراقیە بۆ هەر منداڵێك وتەنها تاکوو چوار منداڵ دەدرێت، واتە ئەگەر فەرمانبەر منداڵی پێنجەمی هەبوو بێبەش دەبێت لەو دەرماڵەیە. (سەرچاوەی پێشووتر: 14/دووەم/أ )

10-دەرماڵەی ئیفاد و سەفەر: دەدرێتە فەرمانبەران لە کاتی ئیفاد بوون یان سەفەر کردن بۆ کاری فەرمی تایبەت بە فەرمانگەکەیان( قانون رقم 38، 1980).

11-دەرماڵەی کاری زێدەکی: بڕە پەرەیەکە کەوا دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی لە دوای کاتی دەوام چەند کاتژمێرێك کاری زیادە ئەنجام دەدەن. (قانون الرواتب 2008 : 17)

3-سەرمووچە:

بڕێکی دیاری کراوی پارەیە کەوا دەدرێتە فەرمانبەران لە کاتی تێپەر بوونی ساڵێك بە سەر خزمەتی وەزیفیان و ئەم زیادەیە بەردەوام دەبێ هەتا ئەگەر بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران راگیرا یان بەرزکردنەوەیان بۆ نەکرا بەر هەر هۆکارێك. (هەمان سەرچاوە:5)

4-مووچەی خانەنشینی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتیە لەو بڕە پارەیەی لە دوای خانەنشین بوونی فەرمانبەر بە هەر هۆکارێك چ تەواو کردنی تەمەنی یاسایی وەزیفی یان نەخۆشی یان مردن یان لە سەر داوای خۆی بێت وەری دەگرێت.(قانون التقاعد،2006 :1/یەکەم).

**تەوەری دووەم:مافە مەعنەویەکان**

فەرمانبەران بێجگە لە مافە دارایەکان کەوا بڕێکی دیاری کراوی پارەیە کۆمەلێك مافی تریشیان هەیە کەوا پێیان دەگوترێ مافە مەعنەویەکان کە لە رووی دەروونیەوە هانیان دەدات بۆ باشتر ڕاپەراندنی ئەرکە وەزیفیەکانیان وەکوو بەرزکردنەوەی پلە وجێگر بوون و مۆلەت و پشوو و وسوپاس و پێزانین و خانەنشین بوون و پشتگیری یاسایی و مافی تانەلێدان لە بریارەکانی کارگێری.(فهد،2011: 4-5)

1-بەرز کردنەوەی پلە:

بریتیە لە گواستنەوەی فەرمانبەر لەو پلەی تێیدا دامەزراوە یان ئیستا تێیدایە بۆ پلەیەکی بەرزتر بە پێی چەند مەرجێك کەوا لە یاسادا هاتوون بە بێ ئەوەی روالەت و ئەرکەکانی فەرمانبەر بگۆردرێت. (قانون الرواتب، 2008 :6 )

2-جێگیر کردن:

پاش ئەوەی فەرمانبەر ماوەی سالێکی چاودێری بە سەر کەوتووی تەواو کرد فەرمانی جێگیر کردنی لە وەزیفەدا دەردچێت و دەبێتە فەرمانبەری هەمیشەیی. (قانون الخدمة المدنية، 1960 : 1/14)

3-پێشخستن:

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتیە لە کورت کردنەوەی ماوەی یاسایی بەرزکردنەوەی پلە لە بەر چەند هۆکارێك کە لە یاسادا هاتوون واتە فەرمانبەر پێش تەواو کردنی ماوەی یاسایی پلە بەرز کردنەوە، لە بەر هۆکارێك پلەکەی بەرز دەکرێتەوە.

4-مۆلەت:

ڕێگەدان بە نەهاتنی فەرمانبەر بۆ دەوامی فەرمی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە پێی دەگووترێ ماوەی مۆلەت لەسەر داوای فەرمانبەر و ڕەزامەندی سەرۆکی بالا کەوا بە پێی یاسا چەند جۆری هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە. ( فهد2011,: 5)

یەکەم: مۆلەتی ئاسایی: کە دابەشی سەر سێ جۆرە دەکرێت.

أ-مۆلەتی ئاسایی بە مووچەی تەواو:

فەرمانبەر بۆی هەیە لە هەر (10) ڕۆژ دەوام (1) ڕۆژ مۆلەتی ئاسایی وەربگرێت بە مووچەی تەواو و ئەگەر لە کاتی خۆی وەری نەگرت تاکوو (180) ڕۆژ بۆی پاشەکەوت دەکرێت بەلام لەو ماوەیە زیاتر دەفەوتێت(قانون الخدمة المدنية 1960: 1/43

ب-مۆلەتی ئاسایی بە نیوەی مووچە:

لە هەندێك حالەتدا یاسا ڕێگەی بە فەرمانبەر داوە مۆلەتی بێ مووچە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەربگرێت ئەگەر هاتوو مۆلەتی کۆکراوەی بە مووچەی تەواوی نەبوو، ئەم مۆلەتەش بە نیوەی خزمەت هەژمار دەکرێت بۆ گشت ئامانجەکان بێجگە لە جێگیر بوون وەکوو مۆلەتی دایکایەتی کەوا لە عێراق شەش مانگە بە مووچەی تەواو و شەش مانگیش بە نیوەی مووچەیە بەلام لە هەرێمی کوردستان سالێکە بە مووچەی تەواو.

بەلام مەبەست لە مووچەی تەواو تەنها مووچەی بنەرەتی و دەرماڵە جێگیرەکانە نەك تەواوی ئەو مووچەیەی فەرمانبەر لە کاتی دەوام کردن وەریدەگرێت. .( سەرچاوەی پێشوو)

ج- مۆلەتی ئاسایی بێ مووچە:

یاسا رێگەی داوە بە فەرمانبەر لە کاتی پێویست مۆلەتی بێ مووچە بۆ ماوەی زیاتر نەبێت لە (2) سال وەربگرێت ئەگەر هاتوو هەموو مۆلەتە کۆکراوەکانی بە مووچەی تەواو و نیوەی مووچەی وەرگرتبوو و ئەم مۆلەتەش بە خزمەت هەژمار ناکرێت.( هەمان سەرچاوە: 2/43 ).

بەلام حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی قەیرانی دارایی بریار دەرکرد کەوا فەمانبەران دەتوانن مۆلەتی بێ مووچە بۆ ماوەی (5) سال وەربگرن و ئەم مۆلەتەش بە خزمەت هەژمار دەکرێت بۆیان و ئەگەر پێشتریش مۆلەتی ئاسایی بێ مووچەیان وەرگرتبێت دووبارە دەتوانن وەری بگرنەوە. ( هەمان سەرچاوە: 4/43 ). (لێرەدا دەبێت ئاماژە بە بڕیارەکەی حکومەتی هەرێم بکرێت)

دووەم: مۆلەتی نەخۆشی

فەرمانبەری عێراقی مافی هەیە لە هەر سالێکی خزمەتیدا(30) رۆژ مۆلەتی نەخۆشی بە مووچەی تەواو و (45) رۆژیش بە نیوەی مووچە وەربگریت بە پێی راپۆرتی پزیشکی چارەسەر کەر یان لیژنەی پزیشکی فەرمی و ئەگەر لە کاتی خۆی وەری نەگرت بۆی کۆدەکرێتەوە بەلام لە کۆتایی خزمەتی فەرمانبەریەتیدا سوودی لێوەرناگیرێت. (قانون الخدمة المدنية, 1960: 46)

سێیەم: مۆلەتی دووگیانی و مندال بوون:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانبەری ژن بۆی هەیە مۆلەتی دووگیانی ومندال بوون بۆ ماوەی (72) رۆژ بە مووچەی تەواو وەربگریت کەوا دابەشی دوو بەش دەبیت (21) رۆژ پیش لە دایك بوون کە پیی دەگوتری مۆلەتی دووگیانی و (51 )رۆژیش دوای لە دایك بوون کەوا پێی دەگوترێ مۆلەتی لە دایك بوون.

ئەم مۆلەتانە ئەگەر وەریان نەگرێت کۆ ناکرێنەوە و پاشەکەوت ناکرین بەلام هەرچەند جار فەرمانبەری ژن دووگیان بوون و مندالی بوو دەتوانی ئەم مۆلەتانە وەربگریت. ( هەمان سەرچاوە : 43 /6)

چوارەم: مۆلەتی عیدە:

بە پێی بریاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدرال ژمارە (129 )ی سالی 2007 کە مادەی (43) یاسای راژەی شارستانی پێ هەموار کردووە هاتووە "فەرمانبەری ژن ئەگەر هاوسەرەکەی مرد مافی مۆلەت عیدەی هەیە کە ماوەکەی (130) رۆژە" بە مووچەی تەواو " کەوا لە حوکمی شەریعەتی ئیسلام وەرگیراوە کە ماوەکەی بە چوار مانگ و دە رۆژ دیاری کردووە کەوا دەکاتە (130) رۆژ .(هەمان سەرچاوە : 43 /7).

پینجەم: مۆلەتی دایکایەتی

فەرمانبەری دایك لە دام و دەزگاکانی دەولەت و کەرتی گشتی مۆلەتی دایکایەتی بۆماوەی (6) مانگی پێ دەدرێت بۆ بەخێو کردنی ئەو مندالەی یەك سالی تەواو نەکردووە.(بریاری ژمارە 1534 ، 1979/11/13).بەلام ئەم مۆلەتە لە هەرێمی کوردستان سالێکە بە مووچەی تەواو. (بریاری پەرلەمانی کوردستان،23، 10/19، 2003 )

شەشەم:مۆلەتی خوێندن:

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم مۆڵەتە بەو فەرمانبەرانە دەدرێت کەوا دەرچووی ئامادەیی بەرەو سەرەوەن بۆ بەدەست هینانی بڕوانامەیەکی بەرزتر لە بڕوانامەی خۆیان کە ئەویش چەند جۆری هەیە (لێرەدا پێویستە ئاماژە بە یاساە ڕێنماییەکان بکرێت)

جۆرەکانی مۆڵەتی خوێندن:

یەکەم: مۆڵەتی خوێندن دەرەوەی عێراق:

1-مۆڵەتی خوێندن لە دەرەوەی عیراق بەو فەرمانبەرانە دەدرێت کەوا بروانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوە سەرەوەن بۆ بە دەست هینانی دیبلۆمی بالا و ماستەر و دکتۆرا و ئەو بروانامانەی لە ئاستی ئەواندان بەو مەرجەی دوو سال خزمەتیان هەبێ پاش دامەزراندن یان لە دوای بە دەست هینانی ئاخیر بروانامە لە کاتی فەرمانبەریەتی، ئەم مۆلەتە بە مووچەی بنەرەتی و دەرماڵە جیگیرەکانە بۆ ماوەی خوێندن و فێربوونی زمانە بە پێی ئەو مەرجانەی کە پەیرەو دەکرێن بۆقووتابیانی نێردە و لە دەسەلاتی وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی نەبەستتراو بە وەزارەت یان ئەوەی وەزیر دەسەلاتی پیداوە.

2-فەرمانبەر مافی هەیە داوای مۆلەتێکی تری خوێندن بکات بۆ بە دەست هینانی بروانامەیەکی تر بەزتر لە بروانامەکەی خۆی بە هەمان مەرج کە لە خالی یەکەمدا هاتووە.

3-لە کاتی پێویست دەکرێت ئەم مۆلەتانە درێژ بکرێنەوە ئەگەر خوێندنی تەواو نەبوو بە هەر هۆکارێکی رێگەپیدراو.

4- یاسا ریگەی داوە (6) مانگ مۆلەتی خوێندن درێژ بکرێتەوە ئەگەر مۆلەت پێدراو داوا بکات و پشتگیری درێژ کردنەوەی هەبێ لەو کۆلیژ یان ئەو زانکۆیەی بۆ ئەو ماوەیەی پیویستە، ئەگەر قوتابی نەیتوانی لە ماوەی مۆلەتی خوێندن بروانامەی داواکراو بە دەست بێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5-ئەگەر فەرمانبەر نەیتوانی لە ماوەی دیاریکراودا واتە ماوەی مۆڵەتی یەکەم و درێژ کردنەوەی مۆڵەت بروانامەی بە دەست بێنێت دەکرێ پیشینەی مووچەی پی بدرێت وەکوو قووتابی نێردە بۆ ماوەی سالێك و ئەم سالەی بە مۆلەتی بێ مووچە بۆ هەژمار دەکریت و دوای دەست بەکار بوونی لە وەزیفەکەی بە قستی مانگانە لە مووچەی دەبڕدرێت هەتا پیشینەی تەواو دەبێت.

6-ئەگەر فەرمانبەر نەیتوانی بروانامەکەی بە دەست بینێت واتا سەرکەوتوو نەبوو دەبی گشت ئەو مووچانەی وەری گرتوون بگەرێنێتەوە خەزینەی دەولەت بە شێوەی قستی مانگانە و ماوەکەی بە مۆلەتی بێ مووچە هەژمار دەکرێت جگە لە حالەتی نەخۆشی کە ببێتە رێگر لە تەواو کردنی خویندن بە پیی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی یان بە هۆی بارودۆخیکی نەخوازراو کە رێگر بێت لە تەواو کردنی خوێندن.

7-دەبێ فەرمانبەر دەستەبەرێکی فەرمانبەری هەبیت بە پلە یەك یان بازرگانیکی پلە(أ) و بەلێن بدات کە دوای تەواو بوونی خویندن بگەرێتەوە عێراق و دوو بەرامبەری ماوەی مۆلەتەکەی خزمەتی فەرمانگەکەی بکات و ئەگەر دەست بەکاری وەزیفەکەی نەبوو گشت ئەو خەرجیانەی لە فەرمانبەر خەرج کراون و ئەو مووچانەی وەریگرتوون بگەرێنێتەوە خەزینەی دەولەت.

شێوازی ناردنە دەرەوە بۆ خویندن:

سێ شیواز هەیە بۆ ناردنەوە دەرەوەی فەرمانبەر بۆ خویندن بەم شیوەیە خوارەوە:

ا-نێردەی خوێندن:

ناردنی قووتابی بۆ خوێندن بۆ دەرەووەی وولات لە سەر حسابی دەولەت، لەم شێوازە لە وەزارەتی خوێندنی بالا رێنمایی تایبەتی هەیە بۆ خەرج کردن و دابین کردنی خەرجیەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خویندن کە بریتین لە کرێی خوێندنی زانکۆ و فێر بوونی زمان و خەرجی هاتووچۆ و شوێنی مانەوە و خەرجی مانگانەی قووتابی.

ب-زەمالەی خوێندن:ناردنی قوتابی و فەرمانبەرانە بۆ خوێندن لە دەرەوەی وولات لە سەر حسابی ئەو دەولەتە یان کۆمپانیایە یان ڕێکخراوی خێرخوازیی کەوا کورسی خوێندن دابین دەکات.

ج-مۆلەتی خوێندن: پیدانی مۆلەتی خویندنە بەو فەرمانبەرانەی لە سەر حسابی خۆیان دەیانەوی لە دەرەوەی وولات بخوینن و ئەم مۆلەتەش بە مووچەی بنەرەتی و دەرمالە جیگیرەکان بۆ ماوەی خویندن و فیر بوونی زمان.

دووەم: مۆلەتی خوێندن لە ناوەوەی عێراق:

1-وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت یان ئەو کەسەی وەزیر دەسەلاتی پیداوە مافی هەیە مۆلەتی خوێندن بداتە فەرمانبەران بۆ خوێندن لە ناو عێراق بە مووچەی بنەرەتی و دەرمالە جێگیرەکان بەو مەرجەی (2) سال خزمەتی وەزیفی هەبێت لە دوای دامەزراندن یان لە دوای بەدەست هینانی ئاخر بروانامە لە کاتی وەزیفەدا.

مۆلەتی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی بروانامەی دبلۆم بالا، ماستەر و دکتۆرا و ئەو بروانامانەی لە ئاستی ئەواندان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە پێویستە بۆ بەدەست هێنانی ئەو بروانامەیە بۆ نموونە یەك سال بۆ دیبلۆم بالا، دوو سال بۆ ماستەر، سێ یان چوار سال بۆ دکتۆرا و ئەم ماوەیە قابیلی دریژ کردنەوەیە بۆ ماوەی سالێك ئەگەر پیویست بوو. (قانون الخدمة المدنية, 1960: 50)

حەفتەم: مۆلەتە تایبەتەکان:

بەشێکە لە مۆلەتی ئاسایی بە مووچەی تەواو بەلام لە سەر داوای فەرمانبەر خۆیەتی لە چەند حالەتێکی دیاریکراو وەکوو مۆلەتی حەج کردن، مۆلەتی هاوسەرگیری. (سەرچاوەی پێشووتر)

هەشتەم:مۆلەتی هاوەلی:

بریتیە لەو مۆلەتەی فەمانبەر وەری دەگرێت بۆ ئەوەی هاورێیەتی هاوسەرەکەی بکات لە دەرەوەی وولات کەوا لە یەکێك لە دام و دەزگاکانی عێراق کار دەکات یان دەخوێنیت یان خود بۆ چارەسەری نەخۆشی دەچێتە دەوەوی وولات و ئەم مۆلەتەش لە دەسەلاتی وەزیری پەیوەندیداردایە مۆلەتیکی ئاساییە بەلام بێ مووچەیە بەلام وەزیر دەتوانێت مۆلەتی ئاسایی بە مووچەی تەواوی پێ بدات بۆ ماوەیەك لە (180) رۆژ زیاتر نەبێت ئەگەر مۆلەتی کۆکراوەی هەبوو. (سەرچاوەی پێشووتر: 4/44 )

5-پشووە فەرمیەکان:

لە یاساکانی ڕاژەی شارستانی باسی پشووە فەرمیەکان نەکراوە بەلام لە یاسای پشووە فەرمیەکان ژمارە(110) سالی 1972دا باسی جەژن و پشووەکان کراوە و دابەشی سێ جۆر کراون بەم شیوەیەی خوارەوە:

1-پشووە فەرمیە گشتیەکان:

گشت فەرمانبەران لە گشت دام و دەزگاکانی دەولەت دەگرێتەوە کەوا بریتین لە رۆژی هەینی و شەممە و سێ رۆژ جەژنی رەمەزان و چوار رۆژ جەژنی قوربان و یەك رۆژ یەکی محرم و یەك رۆژ دووی کانوونی دووەم و دوازدەی ربیع الاول و شەشی کانوونی دووەم و (21) ئازار.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-پشووه فەرمیه تایبەتیەکان:

ئەم پشوه فەرمیانە تەنها کەمیینە ئایین و تاییفەکان دەگرێتەوە لە عێراق بەم شیوەیە:

1-سێ رۆژ پشوو بۆ کریستیانەکان لە رۆژی 12/25 ی هەرسالێك و دوو رۆژیش لە مانگی نیسان.

2-پێنج رۆژ بۆ جوولەکەکان بۆ جەژنی فصح

3- شەش رۆژ بۆ سائیبیەکان ( دوو رۆژ جەژنی گەورە، یەك رۆژ جەژنی بچووك، یەك رۆژ جەژنی لە دایك بوونی حەزرەتی یەحیا، دوو رۆژ جەژنی البنجە.

4-چواردە رۆژ پشووی ئیزیدیەکان: یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمی شەرقی، چوارشەممەی یەکەمی نیسان، (18-21)ی تەمووز و (23-30) ئەیلوول.( قانون العطلات الرسمیة، 1972)

3- پشووه کاتیەکان:

یاسا دەسەلاتی بە سەرۆکی کۆمار داوە هەر رۆژێك پێویست بێ بکاتە پشووی فەرمی بە مەرجێك ماوەی پشوەکان لە سالێکدا لە (7) رۆژ تێنەپەرێ و هەموو سالێکیش دووبارە نەبێتەوە، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم برگە یاسایە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە حکوومەتی فیدرالی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستان ئەم مافەیان هەیە.( قانون الخدمة المدنیة،1960 ) لە هەرێم بە چ یاسایەك؟؟؟؟

پشووی قوتابخانەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

به پێی یاساکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالا رێکخراون کە بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن بگەرێنەوە بۆ یاساکانی ئەم دوو دام ودەزگایە.( یاسای ڕاژەی زانکۆیی،2008 :10/یەکەم)

6-سوپاس و پێزانین:

سوپاسنامە یەکێکە لە مافە مەعنەویەکانی فەرمانبەران کەوا پیویستە پێیان بدرێت کاتی ئەرکەکانی وەزیفی خۆیان بە رێکوپێکی ئەنجام دەدەن یان زیاتر لە فەرمانبەرانی تر خۆیان ماندوو دەکەن و خزمەتی زیاتر لەوەی لە سەر شانیانە پێشکەش دەکەن ئەویش بۆ هاندان و رێزلێنان لە ماندوو بونیان کەوا بە شێوەی نووسراوێك لە چەند ئاستیکدا دەکرێ پێشکەشیان بکرێ.(دەرگەلەیی،2014 :136-137) ( لێرە پێویستە ئاماژە بە یاسا و رێنماییەکان بکرێت)

7-مافی پشتگیری یاسایی فەرمانبەران

یاسا پاراستنی فەرمانبەرانی گرێنتی کردووە لە هەر جۆرە دەست درێژیەك چ لە کاتی دەوام و ئەنجام دانی وەزیفە بێت یان لە پاش کاتەکانی دەوام بە هۆی وەزیفەوە رووبەرووی فەرمانبەر دەبێتەوە و نەبوونی ئەم پشتگیریە یاساییە کاریگەری نێگەتیفی لە سەر ئەنجام دانی وەزیفە دەبیت لە لایەن فەرمانبەران.(فهد،2011 :6)

پشتگیری یاسایی لە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (111) سالی 1969 و یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی عێراقی ژمارە (23) سالی 1971 دا بەم شێوەیەی خوارەوە باس کراوە:

(هەر کەسێك سوکایەتی یا خود هەرەشە بکات لە فەرمانبەرێك یا خود هەرکەسیکی تری ڕاسپێردراو بۆ خزمەتی گشتی یاخود کارمەندانی ئەنجوومەنێك یا خود دەستەیەکی

فەرمی یا دادگایەكی دادوەری یان كارگێری لە كاتی ئەنجام دانی ئەركەكەی یان بە هۆی كارەكەیەوە بێت، سزا دەدرێت بە بەند كردن لە (3) مانگ كەمتر نەبێت و لە (5) سال زیاتر نەبێت و ئەم مادەیەیە جێگرەوەی تیدا نیە واتە بە پێ بژاردن سزا نادریت. (قانون العقوبات العراقی، 1969: 229)

هەروەها (ئیهانە كردن و هەرەشە كردن لە فەرمانبەر و كارمەندانی گشتی بە مافی گشتی لە قەلەم دەدرێت و داواكاری گشتی دەسەلاتی جولاندنی داوای سزایی هەیە و بە ئاشت بوونەوە و لێخۆشبوون دۆسیەكەی داناخریت. (قانون الاصول المحاكمات ، 1971 : 3) ( واتە بە تێگەیشتنی پێچەوانە –مفهوم المخالفة-لە برگە 2 لە مادە سێ دا كە بەم جۆرەیە : 2 – القذف او السب او افشاء الاسرار او الاخبار الكاذب او التهدید بالقول او بالایذاء الخفیف اذا لم تكن الجریمة وقعت على مكلف بخدمة عامة اثناء قیامه بواجبه او بسببه.)

8- مافی دادبینی كارگێری

كاری دادبینی لە داوا كارگێریەكان لە دادگای كارگێری و دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەرانی هەریم تەماشا دەكرێن كەوا بەشێكن لە ئەنجوومەنی شورای هەرێم كە ئەویش دامەزراوە یەكی یاسایی و دادوەریە لە هەرێمی كوردستان كەوا ئەرك و كار و ئامانج و پێكهاتەكانی بە یاسای ژمارە( 14) سالی 2008 رێكخراوە. (لێرەدا پێویستە زیاتر باسی دەستەی بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی هەرێم بكرێت كە دادگای تایبەتە بە مافی فەرمانبەران بە پێی مادەكانی 20 و21 یاسای ژمارە( 14) سالی 2008 ، چونكە دادگای كارگێری زیاتر پەیوەندی بە هاولاتیانەوە هەیە نەوەك فەرمانبەران-جگە لە داوای قەرەبوو)

بەو پێیەی دام ودەزگاكانی هەرێم پێویستە كارەكانیان دادپەروەرانە و بە پێی یاسا ئەنجام بدەن ئەگینا لایەنە پەیوەندیدارەكان دەتوانن داوایان لەسەر تۆمار بكەن لە دادگای كارگیری یا خود لە دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران هەر یەكەیان بە پێی تایبەتمەندی كارەكەیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەرانی هەرێم:

ئەم دەستەیە کە لە جێگری سەرۆك و دوو راوێژکار پێك دێت کە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی دیاری دەکرێن و سەیری ئەو داوایانە دەکات کەوا لە ئەنجامی پیادەکردنی یاسای ڕاژەی شارستانی و ڕێنماییەکانی تایبەت بەم بوارە و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (14) سالی 1991 سەرهەلدەدەن، ئەمەش بەو مانایەیە کەوا ئەم دەستەیە تایبەتە بەو کێشانەی کە لە نێوان فەرمانبەران و فەرمانگەکانیان سەرهەلدەدەن.

بە پێی یاسای ئەنجوومەنی شورا، لە هەرێمی کوردستان تەنیا یەك دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران هەیە و بارەگاکەشی لە شاری هەولێرە بۆیە بە پێی یاسا ناکرێ دەستەیەکە تر لە شارەکانی تری هەرێم بکرێتەوە.

2-دادگای کارگێری:

بە پێی یاسای ئەنجوومەنی شورا ئەم دادگایە بە سەرۆکایەتی دادوەرێك لە پۆلی یەکەم و ئەندامیەتی دوو دادوەر لە پۆلی دووەم یان سێیەم یا خود ئەندامیەتی دادوەرێك و راوێژکارێك دادەمەزرێت.

لە ئێستادا تەنیا یەك دادگای کارگێری لە شاری هەولێر کراوەتەوە ( لە سلێمانیش لە سالی 2014 دادگای کارگێڕی هەیە )و کاری دادبینی کارگێری ئەنجام دەدات بەلام بە پێی یاسای ئەنجوومەنی شورا دەکرێ لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێم دادگای کارگێری بکرێتەوە، لە پلانیشدا هەیە لە ماوەیەکی نزیکدا دادگای کارگیری تر بکرینەوە.

کاری ئەم دادگایە ئەوەیە کەوا سەیری ئەو کێشە و داوایانە دەکات کە لە مادەی (13) یاسای ئەنجوومەنی شورای هەرێمدا هاتوون وەك سەیر کردنی دروستی ئەو فەرمان و

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕیارانەی کە لە فەرمانبەران و دەستەکان لە فەرمانگەکانی هەرێم دەردەچن لە دوای بەرکار بوونی ئەم یاسایە. (قانون مجلس شورا الاقليم، 2008: 13 )

9-خانەنشین بوون

خانەنشین کردن یەکێکە لە مافە مەعنەویەکانی فەرمانبەر و حالەتێکە لە حالەتەکانی کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوان فەرمانبەر و دەولەت بەو شێوەیەی کە دوای سالانێکی زۆر خزمەت کردن لەو کاتەی تووشی نەخۆشیەکی درێژخایەن یان مەترسیدار دەبێت یان دەگاتە تەمەنیك کەوا چیتر ناتوانی ئەرکەکانی وەزیفی ئەنجام بدات ئەوەیی کەوا خانەنشین بکرێت بەلام مافی دارایی خۆی لە دەست نەدات یان ئەگەر وەفاتی کرد میراتگرەکانی سوود لەو خزمەتەی وەربگرن کەوا سالانیکی زۆر ئەنجامی داوە. (دەرگەلەیی،2019: 203 )

## باسی سێیەم: دەرئەنجام و پێشنیار

### یەکەم:دەرئەنجام

1-یاساکانی ڕاژەی شارستانی عێراقی ماوەیەکی زۆر بەرسەر دەرچوونیان تێپەریوەو هەریەکەشیان لە سەردەمێکی تەواو جیاوازدا دەرچوێندراون کەوا لە گەل باری دارایی و ئابووری وکۆمەلایەتی ئیستا ناگونجێن وەلامدەری مافە هەنووکەییەکانی فەرمانبەران نین.

2-هەریەك لە یاساکانی ڕاژە چەندین جار هەموار کراون کە وای لیهاتووە بابەتەکە تێکەل و پێکەل بووە و سەر لە توێژەر و خوێنەر و یاساناسان دەشێوێنیت و نازانی کامەیان ئێستا کاری پێدەکری.

3- هەندێك بابەت لە یەك كاتدا لە چەند یاسایەكدا هاتووە كەوا هەندیك جار پێچەوانەی یەكترن.

4-لە مادەی كۆتایی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی ژمارە(22) سالی 2008 هاتووە كەوا پێویستە وەزارەتی دارایی رێنمایی دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجی كردنی یاساكە بەلام لە راستیدا وەزارەت رینمایی بەربەستكارانەی دەركردووە كەوا ئەوەش سەرپێچی یاسایە، سەرەرای ئەوەی ئەم بریارانە هەندێك حوكم و مەرجی تێدایە كەوا لە یاسادا نیە ئەوەش سەرپێچی دووەمی یاسایە چونكە ناكرێ رێنمایی بەربەستكارانە بۆ یاسا دەربكرێن لە كاتێكدا دەزانین رێنمایی بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی یاساكان دەردەچن نەك كۆسپ و تەگەرە خستنە بەردەم جێبەجێ كردنیان.

5-هەندێك یاسا پشتیان بە رێسا و یاسای هەلوەشاوە بەستووە وەك ئەوەی لە یاسای راژەی زانكۆییدا هاتووە سەبارەت بە مەرجی توانای جەستەیی كەوا بە بریاری ژمارە (5) سالی 1992 هەلوەشاوەتەوە.

6-نادادپەروەری لە سیستەمی مووچەی دام و دەزگاكاندا هەیە بە بێ ئەوەی هیچ هۆكارێكی بابەتی بۆ ئەم جیاوازیە هەبێت.

7-فەرمانبەران هیچ رۆلێكیان نیە لە دیاری كردنی ئەو پەیوەندیەی لە نێوان فەرمانبەر و دەولەت بە هۆی وەزیفەوە دروست دەبێت.

8-لە حالەتی نەخۆشی و پەككەوتنی فەرمانبەران بێجگە لە مۆلەتی نەخۆشی و خانەنشینی هیچ مافێكی تری نیە بۆ نموونە ئەگەر تووشی نەخۆشیەكی درێژخایەن بوو بە چ شێوەیەك تێچووی چارەسەری نەخۆشیەكەی دابین دەكات.

9-هیچ مادەیەك نیە لەم یاسایانەدا كە تێیدا باسی مافی ئافرەت و مندالەكان كرابێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم:پێشنیار**

1-پیشنیار دەکەم ئەنجوومەنی ڕاژەی گشتی فیدرالی لە عێراق و ئەنجوومەنی ڕاژەی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێن چونکە لە مادەی (107) ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ سالی 2005دا هاتووە کەوا پێویستە ئەنجوومەنێك بە ناوی ئەنجوومەنی راژەی گشتی فیدرالی دابمەزرێت بۆ ئەوەی کاروو باری وەزیفەی گشتی لە خۆ بگرێت.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم:کتێبەکان**

- برادۆستی، مجید، محمکە قضاء الاداری فی اقلیم کوردستان و اجراءات التقاضی امامها.

- دەرگەلەیی, دیندار (2019)، کۆمەلە یاسایەك،یاسا و ڕێساکانی پەیرەو کراو لە وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.

- دەرگەلەیی, دیندار( 2014 )، ڕێبەری پراکتیکی یاساکانی ڕاژەی شارسانی و ڕێککاری فەرمانبەرانی دەولەت و خانەنشینی یەکگرتوو، چاپی دووەم.چاپخانەی تەبایی.

**دووەم:توێژینەوە زانستیەکان**

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- حسن، احمد(2015)، قراءه فى قانون الخدمه المدينه رقم 24 لسنه 1960 و صلته بالتشريعات الاخرى,متوفر على موقع فيسبوك حمورابي للاستشارات القانونية 2019/11/5.

- فهد،فارس،( 2011)، الموظف، الوظيفة,متوفر على الموقع الالكترونى منتديات القانون العراقي:

http://iraq-law.hooxs.com/t93-topic 2019/11/5/

**سێیەم: یاساکان**

- امر سلطة الائتلاف رقم (30) لسنه 2003

- دستور العراق لسنة 2005

- قانون الاصول المحاكمات الجزائية العراقية رقم (23)لسنة 1971

- قانون الانضباط موظفى الدولة و القطاع الاشتراكى رقم(14) لسنة 1991

- قانون التقاعد الموحد رقم ( 27 )لسنة 2006 المعدل

- قانون الخدمة الجامعة رقم (142) لسنة 1976

- قانون الخدمة الخارجية رقم (122 )لسنة 1976

- قانون الخدمة المدنية العراقية رقم(24)لسنة 1960

- قانون السلطة القضائية رقم ( 160 ) لسنة1979

- قانون العطلات الرسمية لسنه 1972

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- قانون العقوبات العراقى رقم(111) سالى 1969

- قانون الميلاكات رقم( 25 ) لسنة 1960

- قانون رقم (22) لسنه 2008

- قانون رواتب موظفى الدولة و القطاع الاشتراكى رقم( 22) لسنة ( 2008 )

- یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە ( 10) سالى 2008

- یاسای ئەنجوومەنی شوورای هەرێم ژمارە (14 ) سالى2008

التميمي,د.احمد,2012,من هو الموظف و طرق توظيفة وفق قانون الانظباط رقم 14 والخدمة المدنية رقم 24,متوفر على موقع dar an- al i r a q.net 2019/11/5.

-یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ژمارە (23) سالی 2008.

بریارەکان:

-بڕیاری پەرلەمانی کوردستان،23، 10/19، 2003

-بڕیاری حکوومەتی عێراق ژمارە 1534 ، 1979/11/13.

## الملخص

تهدف هذه الدراسة الى معرفة حقوق و ضمانات الموظفين المدنيين فى قوانين الخدمة المدنية العراقية لان الموظفين هم اساس الوظيفة وهم الذين يزاولون النشاطات الادارية و ان نجاح او فشل الادارة تعتمد على كفاءة الموظفين و تطور النظام الادارى

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

والقوانين التى تنظم شؤون الوظيفة و الموظفين و ان كفاءة الموظفين تعتمد على تضمين حقوقهم المالية و المعنوية اضافة على الضمانات التى يجب ان يتمتع بها فى حياتهم الوظيفية لكى تتلائم مع تطورات الاقتصادية و الاجتماعية و التكنولوجية و احتياجات المستحدثة للموظفين.

## Abstract

The subject of the research deals with the rights and guarantees of the employees in the civil services laws, because the employees are the basis of civil services and administrative system, therefore the success or failure of the administrative activities depends on the skill of their employees and the administrative system and civil services laws.

The skill of employees also depends on guaranteeing their rights, whether financial of relevant rights, regardless of guarantees which they should enjoy during their civil services laws, in order to comply with development of economic, social, technological and recent demand of employees.